# نامەی بەدر شاکر ئەلسەیاب بۆ ئەدۆنیس

## و:عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

ئازیزەکەم ئەدونیس

بەر لە چەند رۆژێك نامەیەکم بۆ ناردی، دوو قەسیدەی لەگەڵدا بوو کە لە لوبنان بلاّ نەکراونەتەوە، هێوادارم بە دەستت گەیشتبێت. ئەگەر بە دەستت نەگەیشتبێت خەبەرم بدەیە بۆ ئەوەی دووبارە قەسیدەکانت بۆ بنێرمەوە.

(جبرا)م دیت دوای ئەوەی لە لوبنان گەڕایەوە. بە یەکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بە تایبەتی باسی تۆو یوسف (ئەلخاڵ)مان کرد. جبرا پێیڕاگەیاندم کە (سلێمان عیسا) قەسیدەیەك و نامەیەکی بۆ تۆ ناردووە، لە نامەکەدا ستایشی گۆڤارەکە دەکات، ئەگەر وابێت هەردووکیان بلاّو بکەوە، بێ ئەوەی گرنگی بە لایەنی هونەری بدەیت، چونکە بۆ گۆڤارەکە جێکەوتەی گەورەی دەبێت.

برام ئەدۆنیس:لە گۆڤاری (ئاداب) ی ژمارەی شیعریی قەسیدەیەکم هەیە ناونیشانەکەیم لە بیر نییە، بەلاّم دێڕێکی تیایە زۆر لێی دوو دڵم ئەویش ئەوەیە (**هياي.. كونغاي، كونغاي**.) تکایە ئەو دێرانەو زێتریش ئەوانەی کە بەمجۆرە دەستپێدەکەن **وأريل الجديد.. الهدرجين واهب الحياة للقفار«.. أما »نبوءة في عالم 1956«..** حەز دەکەم لابانبەریت،هەروەها حەز دەکەم کۆپلەی چوارەم (ژمارە 4)و کۆپلەی ژمارە (7) جگە لە پێنج دێرەکەی دوایی نەبێت، هەروەها (**ولفنى الفلام في المساو..**) تۆش سەربەستی هەر دێرێکی دیکە لابەریت..بەلاّم لە قەسیدەی (أغنية في شهر أغسطس) حەز دەکەم ئەو کۆپلەیەی کە بە (**سيعود إذا انتصف الليل**) تا دەگاتە (**والليل الراكد، بالخضر**). بەلاّم لە (**قافلة الضياع**) ئەو سێ دێرەی کۆتایی (الليل..كلا! ما هناك؟! **أنظر.. تضوأت السماء.. هتد، لە بری ئەوە چوار بەیتەکەی کۆتایی پێشوو دووبارە بێتەوە واتە (فشاهدي يا سماء) تا دەگاتە (أننا أقوياء).**

**قەسیدەی (مرثية جيكور) کە لە گۆڤاری (ئاداب) بلاّوت کردۆتەوە، هەڵەی چاپی لە رادە بەدەر تیایە، دێری دەیەم بەر لە کۆتایی دەبێت بەمجۆرە بخوێندرێتەوە:**

(سلم في الحضيض أعلاه– مرقاه انخفاض وان بدا كالصعود.)

**دوای ئەویش ئەوە دێت:**

(حدقت منه في الورى مقلتا »فوكاي« تستشرفان أيام هود.)

**ئێستا کۆتایی بە نامەکەم دێنم تکام وایە سلاّوم بە (یوسف ئەڵخال) هەروەها بەرێز (أرواد)و بەرێز (أدفيك شيبوب) باقی هاورێیان بگەیەنیت، بێئەوەی پێویست بە ناو ریزکردن بکات.**

**لە هاوپێچی ئەو نامەیە هەندێك شیعری بلاّو نەکراوە دەبینیت.**

**دڵسۆزت- بەدر**